www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 7:39 13-10-2006

**The Centre of Halabja**
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

**Nawendî Helebce**
*Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
contact@chak.info

## نامەیەکی کراوە لە ناوەندی چاکەوە بۆ بەرێز هوشیار زێباری وەزیری دەرەوی عێراق

هەروەک هەموومان دەزانین لە تاوانی ئەنفالدا بەزۆر شێوە هەوڵی لەناوبردنی گەلی کورد درا، هەر لە گرتنی بە کۆمەڵ و برسیکردن و بلاو بونەوەی چەندین نەخۆشی لەنێویاندا تا بەکۆمەڵ شەهید بن، جیاکردنەوەی مندال، گەنج، پیر، کچ و کوڕ لەیەکتر و بەکۆمەڵ شەهید کردنیان.

بەدەر لە هەموو ئەم تاوانانە، بەعس وەک لوتکەی سوکایەتی بەکورد لە سەر سنورەکانی عێراق ئوردن سعودیە ..... دەیان وسەدان کچی جوانی کوردی فرۆشتوە بە چەندین ولاٌت و دەوڵەمەندی عەرەبدا. کەلە نێویاندا بە دوکۆمێنتی ژمارە 1601 لەبەرواری 1989/12/10 ئاماژە بەوە دەکات کە دەزگای موخابەراتی کەرکوکەوە ئاراستەی گشتی کراوە کە 18 کچی کورد لەسەر داوای ئێوە بۆ یانەی شەوانی میسر دەنێرین.

ئەمە جگە لەوەی خودی د زەکیە ئیسماعیل کە ئێستا ئەندام پەرلەمانی عێراقە لەدوای روخانی ڕژێمدا لەگەل ئەمەریکیەکان کاری کردوە دەڵێت بەخۆم ئەم دوکۆمێنتەم دیوە لەنێو کۆشکی کۆماری دەرهێنراوە و دراوەتە ئەمەریکیەکان، وە ئەو ئاماژە بەوە دەکات کە ژمارەی ئەو کچە کوردانەی فرۆشراون زۆر لەمە زیاتر و بۆ زۆر ولاتی تر نێردراون.

سێ ساڵ زیاترە ئەم ڕژێمە ڕوخاوە و ئەم دوکۆمێنتە بلاو بۆتەوە و لەم 3 سالەدا ناوەندی چاک بە هاوکاری دەیان پارت وڕێکخراوی کوردستانی دژ بەم کۆیلایەتیەی کچانی کورد خۆپیشاندان، نامەی نارەزایەتی، ئیمزای دژ بەحکومەتی میسر لە زۆربەی ولاتەکانی ئەوڕپی ئەنجام داوە، تائێستا حکومەتی میسر تەنیا بەزارەکی نەوەک بە فەرمی وەلام دەداتەوە ئەمە ش لە راستی ئەم دوکۆمێنتە وهەوالەمان نزیک دەخاتەوە، هەر بۆیە ئێمە پرسیارتان لێ دەکەین ئایا ئێوە وەک وەزارەتی دەرەوە هیچ بەدوا چونێکتان کردوە لەسەر ئەم مەسەلەیە یان هیچ داوایەکیتان لە حکومەتی میسر کردوە کە بە فەرمی وەلامتان بدەنەوە.

ڕیکخراوی چاک هیوادارە وەڵام بەم نامەیە بدرێتەوە، بەهۆی ئەوەی لەروی یاسایە ئێوە ووەزارەتەکەتان بەرپرسە لە بەدوا چوونی ئەم مەسەلەیەدا، ئەمە جگە لەوەی ئەو دەسەلاتەی ئێستا هەتە بەروبومی خوێن و قوربانیەکانی خەڵکی کورد بەگشتی و ئەنفالەکان بەتایبەتیە.

لەکۆتاییدا ئەوە دەڵێین ئێمە ناتوانین دەست بەرداری ئەم مەسەلەیە بین ودرێژە بە کارو چالاکیەکانی خۆمان دەدەینەوە دژ بە سەفارەتەکانی حکومەتی میسر، کە بێگومان ئەگەر حکومەتی عێراق هەروا بێدەنگ بێت و هیچ ئاخافتنێکی نەبێت بەشێك لە چالاکیەکانمان ڕوبەروی سەفارەتاکانی ئێوەش دەبێت.

ناوەندی چاک
20061011